**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە:-

**بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (بەشی ئوتێلەوانی و خزمەتگوزاری نەخۆش) لە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری چارەسەری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٢.

**بەیانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (سەنتەری پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٨.

**بەیانی ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (سەنتەری ليناك بۆ چارەسەری شێرپەنجە بە تیش (LINAC Radiotherapy) سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٩.

**بەیانی ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (سەنتەری پزیشکی لایف بۆ چارەسەری سروشتی) لە شاری دهۆك بە مەرجێك پابەند بن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وەسەندیکای پزیشکانی کوردستان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٨.

**بەیانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، وە پشت بەنوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان (٦٣٩) لە ٢٠١٩/٧/٢٨بڕیارماندا بە:-

١- دانانی هەردوو ماددەی (ephedrine) (Pseudoephedrine) وەک ماددەیەکی کۆنترۆلکراو لە لیستی دەرمانی کۆنترۆلکراودا .

٢- قە دە غە کردنی هاوردەکردنی هەر دوو ماددەی (Pseudoephedrine) و (ephedrine) و هاوردەکردنی هە ردوو ماددەی (Pseudoephedrine) و(ephedrine) تەنها دەبێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەختەی وەزارەتی تەندروستی هە رێمی کوردستان و بە مەرجێك هۆکاری هاوردەکردن و پێویستی ڕاستەقینەی ئەو دوو ماددەیە لە مۆڵەتی هاوردەکردن کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستانەوە دەدرێت روونبکرێتەوە .

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیـــری تەندروستی**